ئۆپەراسیۆنە هاوبەشەکان: فڕۆکەکانی ئێف 16ی عێراق حەشارگەکانی تیرۆریستان لە دۆڵی شای دەکەنە ئامانج

ئەمڕۆ پێنجشەممە، فەرماندەی ئۆپەراسیۆنە هاوبەشەکان، ڕایگەیاند: فڕۆکەکانی ئێف 16ی عێراقی حەشارگەکانی تیرۆریستانیان لە دۆڵی شای لە پارێزگای کەرکوک کردە ئامانج.

فەرماندەیی ئۆپەراسیۆنە هاوبەشەکان لە بەیاننامەیەکدا رایگەیاند: بەپێی زانیاری دروست لە بەڕێوەبەرایەتی هەواڵگری سەربازی و بەدواداچوون و سەرپەرشتیکردن لەلایەن فەرماندەیی ئۆپەراسیۆنە هاوبەشەکانەوە و پێگەیشتنی هەواڵگریی ئاستی باڵا، و بەردەوامبوونی کاری ئەمنی لە ڕووبەڕووبوونەوەی تیرۆر و بەئامانجگرتنی حەشارگەکانیان، فرۆکەکانی ئێف 16 لێدانی ڕاستەوخۆیان ئاراستەی حەشارگەکانی تیرۆریستی لە دۆڵی شای/کەرتی ئۆپەراسیۆنەکانی کەرکوک کرد و لەم ئۆپەراسیۆنەدا فرۆکەکانمان لێدانی ڕاستەوخۆیان لە حەشارگەکانی تیرۆریستی و شانە شکستخواردووەکانی بەدەستهێنا.

ئاماژەی بەوەشکرد: هێزەکانمان لە ئامادەباشیدا دەمێننەوە بۆ ئەوەی دوژمن و حەشارگە داڕماوەکانی و شانە نوستووە شکستخواردووەکانی لە هەموو شوێنێك بکەنە ئامانج.